سەماحەتی حەکیم.. قەزای مەدینە ڕۆژانی جیهاد و شەری بەرەنگاربوونەوەی دیکتاتۆریەتمان بیر دەهێنێتەوە

لەقەزای مەدینە لە شاری بەسرە، لە میوانخانەی هەزی ئەلئیمارەی ئازیز بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی چاوی بە کەمەڵك شێخ و پیاوە دیارەکانی و گەنجانی ئەو قەزایە کەوت، سەماحەتی گوتی "ئەو ناوچانە ڕۆژانی شەڕی بەرەنگاربوونەوەی دیکتاتۆریەت و قوربانییە زۆرەکانی کوانی ئەو ناوچەیەم بیر دهەنێتەوە، دواتریش شەڕی تیرەر، گەر ئەو قوربانیانە نەبوایە ئەوا بەو ڕۆژی ئەستا نەدەگەیشتین".

سەماحەتی ئاماژەی کرد کە ئەو دەستکەوتانەی لەسەر ئاستەکانی کەمەڵگا و سیاسی و ئەمنی و ئابووری و خزمەتگەزاری هاتوونەتە دی پەیوستە شانازیان پێوە بکرێت و باسی بکرێت، هەر چەندە ئەوە لووتکەی خواستی ئێمە نییە بەڵام ئەوە دەریدەخات کە عەراق بەڕێگای ڕاست دەڕوات و گەشەدەکات، هەروەها داوای کرد کە خەیان لە زمانی ڕەشبینی و بەاوکردنەوەی هەواڵی نەرێنی و خراپ بەدوور بگرن.

سەماحەتی دەخەشی خێی دەربڕی و گوتی " ئەستا ئێمە وا سەیری ئەو ئاوەدان کردنەوەیەی ئەو قەزایە دەکەین کە ڕەنگە خەڵکی قەزایەکە هەستی پێ نەکەن بەڵام ئەوەی لە دوورەوە دێت سەردانی ئەو ناوچەیە دەکات بەشێوەیەکی ڕوون دەبینیت ئەرە چۆن پێشکەوتوە، سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە خەڵکی بە چاوی سەرسامییەوە سەیری ئەو تاقیکردنەوەی عەراق دەکەن و چەندین سەرك و کەسایەتی گەورەی ناوچەکەش سەرسامی خەیان بەوە دەربڕیوە، بەیە پێویستە لەگەڵ ئەو دەخە بەردەوام بین و بیپارێزین چونکە عەراق وەاتەکە توانای گەورەی هەیە و سامانەکانی هەرگیز وشك نابن.